فیدان: هەوڵدەدەین ڕێگەچارەیەک بۆ قەیرانی ئێستای نێوان ئێران و ئەمریکا بدۆزینەوە



هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند، هەوڵدەدەین ڕێگەی چارەیەکی هەڕەمی بۆ قەیرانی ئێستای نێوان ئێران و ئەمریکا بدۆزینەوە. عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێرانیش جەخت دەکاتەوە کە دانوستان لەژێر هەڕەشەدا ناکرێت.

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا و عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، ئەمڕۆ هەینی، لە دوای کۆبونەوەی نێوانیان لە ئیستانبوڵ، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشیان ئەنجامدا.

هاکان فیدان لە کۆنگرەکەدا وتی، لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ عراقچی، تاوتوێی پەیوەندییە دوقۆیەکان کراو هاوڕابوین لەسەر ئەوەی کە سەقامگیریی ناوچەکە، گرنگترین شتە بۆ هەردولامان.

ئەوەشی خستەڕوو، گفتوگۆکانیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی هەڕەمییە بۆ ئەو گرژی و

قەیرانەی کە لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا هەیە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختیشی کردەوە کە پرسەکانی ئێران دەبێت لەناوخۆ چارەسەربکرێن و نابێت دەستوەردانی دەرەکی هەبێت.

وتیشی، هەوڵدەدەین پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لەسەر بنەمایەکی نوێ پێناسەبکرێنەوە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختیشی کردەوە کە تورکیا دژی بەکارهێنانی ڕگەی سەربازییە و ئەنقەرە پشتیوانی لە دانوستان و دیپلۆماسییەت دەکات.

وتیشی، تورکیا بەدوای خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەمریکاو ئێرانەوەیە.

هەمای بێ ئەوەش کرد، بەرلەوە لەگەڵ عەباس عراقچی کۆببێتەوە، لەگەڵ ستیڤ ویتکۆف، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکادا گفتوگۆی کردووە.

ئەوەشی خستەڕوو، تورکیا بەدوای ئەوەوەیە کە ناوچەکە جەنگکی نوێ بەخۆیەوە نەبینێت و وتیشی، نامانەوێت ئێران گۆشەگیر ببێت.

لای خۆشییەوە لە کۆنگرەکەدا، عەباس عراقچی وتی، سوپاسی تورکیای کرد کە لەمیانی جەنگی 12 ڕۆژەو لەماوەی ڕوداوەکانی ئەم دواییەدا، هاوڵای ئێران بووە.

عراقچی وتیشی، ناسەقامگیری و جەنگ لە وڵاتێکدا بەمانای ناسەقامگیری و جەنگ لە تەواو ناوچەکەیە.

ئەو جارێکی دیکە جەختی کردەوە کە وڵاتەکەی بەدوای بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمییەوە نییەو ئامادەشە بێ بەشداریکردن لە دانوستانێکی دیپلۆماسی و مانادارو لۆژیکی و دادپەروەرانەدا.

عراقچی وتیشی، کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دانوستاندا نییە بەڵام دانوستان

لەژێر هەڕەشەدا ناکرێت.